


# دیسانەوە لەبارەی شیعر

ئازاد عەبدولواحید

* ئەوانەی لە شیعری عەرەبیی عێراقیدا دەکەوتنە سەر نووسینی شیعری نوێ، زۆر لەو ڕەخنەگرانەی بەرانبەر شیعری ئەو شاعیرانە وەستابوونەوە، بە شێوەیەکی گشتی، کە قسەیان لە بارەی شیعری نوێوە دەکرد، یەکێک لە ڕەخنەکانیان بەرانبەریان ئەوە بوو، ئەوانە ناتوانن شیعری ستوونیی بە کێش و سەروادار بنووسن، بۆیە پەنا بۆ بەر نووسینی ئەو جۆرە شیعرە نوێیە دەبەن، چونکە پێیان وایە ئاسانە و زوو بە دەستیانەوە دێ. ڕەخنەگران دەیانگوت ئەگەر ئەوانە شاعیرن، با سەرەتا شیعری ستوونی بنووسن و شاعیرێتی خۆیان لەو بوارەدا بسەلمێنن، کە بینیمان لە عۆدەی شیعری ستوونی دێن، ئەوجا بچن شیعری نوێ بنووسن. ئەو ڕەخنەگرانە پێیان وابوو، بۆیە خەڵکی بە لێشاو ڕوودەکەنە نووسینی شیعری نوێ، چونکە لایان وایە نووسینی ئەو جۆرە شیعرە، زووتر دێتە دەست و بەهۆیەوە خێرا دەبنە شاعیر و زووش دەستیان بە شاعیرایەتی ڕادەگات.

* سەرەتا شاعیرانی وەک بەدر شاکر سەییاب و نازک ئەلمەلائیکە و عەبدولوەهاب بەیاتی شیعری ستوونییان دەنووسی، دواتر کێشی عەرووز و شیعر نووسینیان بە شێوەی ستوونی تێپەڕاند، ئەوجا کەوتنە کەرتکردنی تەفعیلەکان، ئەوانە بۆیە سەرەتا شیعری ستوونییان نووسی، تا بیسەلمێنن کە ئەوانیش دەتوانن بەو فۆرمە شیعرییە بەرهەمیان هەبێ، بەڵام هەر زوو هەستیان کرد شیعرنووسین بە کێش و سەروا، کۆت و بەندیان دەکات و بواری دەربڕینیان لێ بەرتەسک دەکاتەوە، نەفەریی هەر زوو وتی: (چەندی تێڕوانین بەرین و هەراو بێ، بواری دەربڕین بەرتەسک دەبێتەوە). کاتی خۆی کە ئەو قسانەم بۆ (محەمەد عومەر عوسمان)ی شاعیر کرد، دوای گفتوگۆ و گەنگەشەکردنێکی زۆری ئەو بیرۆکەیە، هێندەی پێ نەچوو، هەر دوای ماوەیەکی کورت، کەوتە نووسینی هەندێ شیعری ستوونی و چوارین، چوارینەکانی دەهێنایە لام و بۆی دەخوێندمەوە، ماوەیەک لەسەر نووسینی ئەو چوارینانە بەردەوام بوو، دوایی بوونە بەشێک لە کۆشیعرە تاقانەکەی (لە غوربەتا)، ئەوەشی وەک تاقیکردنەوەیەک بوو، ویستی پێم بڵێ دەتوانم شیعری ستوونییش بنووسم و تێیدا سەرکەوتوو بم، هەرچەندە لەدوای ئەو ئەزموونەوە، زۆر هانم دەدا دەستبەرداری ئەو فۆرمی چوارینانەی بێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەلماندی لە نووسینی ئەو جۆرە شیعرەشدا دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بهێنێ.

* ئەو بیروڕایە تەنیا بیروڕای من نەبوو، بگرە بیروڕای (کامەران موکری)ی شاعیریش بوو، کە لە یەکێک لە دیدار و یەکتربینینە بەردەوامەکانم لەگەڵی، کاتێ پرسیارم لێکرد لەناو لاوەکان کێت بەلاوە شاعیرێکی باشە، یان لەناو شاعیرە لاوەکاندا هیوات بە پاشەڕۆژی کامیانە ببێتە شاعیرێکی باش، بەهۆی نووسینی ئەو چوارینانەوە،یەکسەر ناوی (محەمەد عومەر عوسمان)ی هێنا.